**توێژەرانی فوسیلی بەجێماوەی ئاژەڵ، لە دوورگەی دەریای کۆنی ئوسترالیا 'بەردی ڕۆزێتا'ی ئێسکەپەیکەریان دۆزییەوە!**



زانایانی بواری شوێنەوارناسی ئاماتۆری ترێس "Tres" دۆزینەوەیەکی گرنگیان لە وێستگەیەکی دوور لە ناوچەکانی ناوەوەی کوینزلاند "Queensland" ئەنجامدا. پاشماوەی پەلەوەرێکی دەریایی ملدرێژ کە تەمەنی ١٠٠ ملیۆن ساڵە و بە پلیسیۆسۆر "Plesiosaurier" ناسراوە، بە پتوونی دۆزرایەوە، ئەمەش هەواڵێکی گرنگە بۆ ئوسترالیا.

ئاماژە بەوەش کراووە، “کاساندرا "Cassandra"، خاوەنی وێستگەکە، لەگەڵ هاوکارارانی تامەزرۆی بواری بەردبووی ئاژەڵان، سالی "Sally" و سینتیا "Cynthia" کە بە "Rock Chicks" ناسراون، ئەم دۆزینەوە نائاساییەیان ئەنجامداوە. ئەم فوسیلە کە بە دۆزینەوەی بەردی ڕۆزێتا دادەنرێت بۆ زانستی سەردەمی کۆنی پەلەوەرەکانی دەریایی، گرنگییەکی هاوشێوەی ئەو بەردە سەرنجڕاکێشەی هەیە کە نهێنییەکانی هیرۆگلیف وەبیردەهێنێتەوە و ساڵی ١٧٩٩ لە میسر دۆزراونەتەوە.

بۆ هەڵکۆڵینی ئەم گەنجینەیە، تیمێک لە زانایانی بواری شوێنەوارناسیی لە مۆزەخانەوە دەستیان بە گەشتێک بۆ ئەو شوێنە دوورە کردوە. ئەو فوسیلانەی کۆیان کردۆتەوە پەیوەندیی بە ئیلاسمۆسۆرێک "Elasmosaurier" ەوە هەیە، کە چەشنێکە لە پلێسیۆسۆر "Plesiosaurier"ە و لەگەڵ دایناسۆرەکاندا پێکەوە ژیاون. ئەم بوونەوەرە نازدارانە لە دەریای ئیرۆماگا"Eromaga"دا نیشتەجێ بوون کە لە نێوان ١٤٠ بۆ ١٠٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر بەشێکی زۆری ویشکانی ئوسترالیایان گرتۆتەوە.



هەڵکۆڵینەکە کە لەلایەن سەرۆکی زانای تۆڕی مۆزەخانەی کوینزلاند "Queensland" دوکتور ئێسپەر " Dr. Esper"ەوە بەڕێوەچووە، ئاماژە بەوە دەکات، فوسیلەکان یەکەم دۆزینەوەن کە هەم سەر و هەم جەستەی ئیلاسمۆسۆرێکی ئوسترالی بە پتوونی لەخۆ دەگرن. پاشماوەکانی یەکەم سەر و جەستەی ئیلاسمۆسۆرێکی ئوسترالی لە کۆمەڵەیەکی مۆزەخانەدا نمایش دەدرێت.

زانایان دەڵێن: "ئێمە گەلێك پەرۆش بووین" چونکە دەتوانێت کلیلی دۆزینەوەی هەمەچەشنی و گەشەسەندنی پلێسیۆسۆرە"Plesiosaurier" ملدرێژەکان لە سەردەمی کریتاسی ئوسترالیادا هەڵبگرێت. ئەم دۆزینەوەیە وەک بەردی ڕۆزێتای زانستی کۆنی دەریایی دەهاتە بەرچاو. تا ئەمڕۆ هەرگیز سەر و جەستەی ئەم ئاژەڵە پێکەوە نەدۆزراوەتەوە و ئەمەش دەتوانێت کلیلی لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو بێت لەم بوارەدا. تا ئەمڕۆ زیاتر لە سەد چەشنی پلیسیۆسۆر لە سەرانسەری جیهاندا دۆزراونەتەوە: هەندێکیان دەموچاویان درێژە و سەریان بچووکە، هەندێکی تریان دەموچاو کورت و سەرێکی گەلێك گەورەیان هەیە.



ئیلاسمۆسۆر "Elasmosaurier" بۆ هەناسە هەڵکێشان هاتۆتە سەر ڕووی ئاو و ددانی تەنکتری هەبوو بۆ گرتنی ماسی، قرژاڵ و  ئاژەڵە بچووکەکانیتر.

زانایان ماکەی جۆراوجۆریان لە گەدەی پلێسیۆسۆریان دۆزیوەتەوە کە پێیان دەوترێت گاسترۆلیت "Gastrolithen" و ڕەنگە بۆ ڕاگرتنی خۆراک لە گەدەدا بەکاریان هێناوە یان وەکوو بالاست "Ballast" بۆ یارمەتیدانی مەلەکردن کەڵکیان لێ وەرگرتووە.



د .جیم تۆمپسۆن "Jim Thompson"، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری تۆڕی مۆزەخانەی کوینزلاند ڕایگەیاند، دۆزینەوەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کێشانی وێنەیەکی تەواو لە پەلەوەرەکانی دەریایی سەردەمی کریتاسی لە کوینزلاند. هەروەها دەڵێ: "دەتوانین سەر و جەستەی ئیلاسمۆسۆرێکی ئوسترالی لە شوێنیتری جیهاندا بپارێزین و ئەم دۆزینەوە گرنگە بەشدارییەکی بەرچاوی دەبێت لە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕابردووی کریتاسی کوینزلاند." ئیلاسمۆساروس لە دەریای ئیرۆمانگادا ژیاوە، کە ١٤٠ بۆ ١٠٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر بەشێکی زۆری ویشکانی ئوسترالیای لەخۆ گرتووە.



تۆڕی مۆزەخانەی کوینزلاند یەکێک لە تەواوترین ئێسکەپەیکەری پلێسیۆسۆرەکانی ئوسترالیا دەپارێزێت، کە ناوی دەیڤ پلێسیۆسۆر"'Dave der Plesiosaurier"ە، و لە ساڵی ١٩٩٩ دۆزرایەوە؛ بەڵام لەسەدا ٨٠ی جەستەی واتە، سەر، باڵ و نوکی کلکی پێوە نەماوە. هاوکات لەگەڵ ئەم ئێسکەپەیکەرە نوێیەدا، پاشماوەی پلێسیۆسۆر و ئیچتیۆسۆریش لە کاتی لێکۆڵینەوەی مەیدانیدا دۆزراونەوە و کۆکرانەوە، کە بۆ ئامادەکاری و لێکۆڵینەوە لە داهاتوودا دەگوازرێنەوە بۆ تاونسڤیل "Townsville". ئەم شوێنە یەکێکە لە گەورەترین شوێنەکان کە لەلایەن زانایانی ئاماتۆرەوە بە تامەزرۆییەوە دەپشکێندرێ و بە سەدان کیلۆمەتر چاڵ هەڵدەکەندرێ و دەپشکێندرێ و هەریەکەیان پلێسیۆسۆر "Plesiosaurier"، کرۆپۆساور "Kroposaurier"، ئیچتیۆسۆر "Ichthyosaurier" یان چەند ماسی و کیسەڵێکیان تێدا بووە.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

مانگی حەوتی ٢٠٢٤ی زایینی